# فاتح شـــيخ



# لوبـــــنان :

## *بنبەستی سیاسی، نیسبییەتی سیاسی!*

محمد غفور

لە"کۆمۆنیست"ژمارە 30رۆژی 18ئازار2005وە

لەفارسییەوە وەریگیراوە

## *بنبەستی سیاسی*

ئەزمەی لوبنان کیشراوەتە بنبەستیکی خەتەرناکەوە. قەلشتیك کەبەتیرۆری راچلەکینەری حەریری یەك مانگ لەمەوبەر لەسیاسەت وکۆمەلگای لوبناندا دەمی کردەوە، لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بەشوین بەرپابوونی چەند خۆپیشاندانی دژبەیەکدا لەلایەن موخالیفان ولایەنگرانی وجودی سوریاوە، گەشتۆتە جیگایەك کەهەنگاوی دواتری ئەتوانرێ بچوینرێ بەئاگرکەوتنەوە لەمەیدانیکی مینریژکراودا. لوبنانێ کەبەهۆی جەنگی ناوخۆوە هیشتا خوینی لیدەتکێ، ئیستاش یەك عەمبار باروتە. هەموو لەحزەیەك هەر دەستیکی نامەسئول دەتوانێ پەلەپیتکەی خولقاندنی کارەساتێ رابکیشێ کەهیزە مەسئولەکانی کۆمەلّ نەك هەر توانای کۆنترۆلّ کردنیان نەبێ بەلکو خۆیان ببنە یەکەمین قوربانییەکانی.

کۆمەلگای لوبنان لەسەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، سەرزەمینی خەلکانیکی سکۆلار وبەهرەمەندبوو بووە لەفەرهەنگی پیشرەو ومۆدیرن. بەجۆرێ کەپێی ئەوترا سویسرای خۆرەلأتی ناوەراست. ئیستا مەیدانی تەراتینی ئیسلامی سیاسییە. جمهوری ئیسلامی نفوزیکی زۆری پیکەوەناوە تیایدا. حیزبوللأی لوبنان لەلایەکەوە بەرەنجامی نفوزی جمهوری ئیسلامیی ولەولای تریشەوە دەسدریژییەکانی ئیسرائیلە. ئیسرائیل چەندین جار پەلاماری سەربازی بردۆتە سەر لوبنان و سالأنیکیش چەند شوینیکی داگیرکردبوو. مقاوەمەی چەکدارانەی حیزبوللأی لوبنان لەبەرامبەر پەلامارەکانی ئیسرائیلدا چاوگەی راکیشانی هیز وسەرچاوەی ئاراستەکردنی دەسەلأتی میلیشیایی ومافیایی خۆی بووە بەسەر چەند شوینی (شیعەنشینی) لوبناندا وئیستاش هەروایە. هیزەسەربازی وئەمنییەکانی سوریا سێدەیەیە کەحوکمرانی

بەسەر لوبناندا دەكەن وئەوانیش رەوتی وابەستەبەخۆیانیان پیکهیناوە لەچەشنی "امل" (نبیە بری). بەمشیوەیە لوبنانێ كەپیشكەوتووترین پارچەی خۆرەلاتی ناوەراست بوو لەژیر مەنگەنەی ململانێی دواكەوتووترین رەوتە قەومی ودینییەكان ودەستێوەردانی سەربازی دەولەتانی هاوسێیدا گۆررا بۆ ویرانەیەك.

خەلكی حەپەساوی لوبنان بەهۆی تیرۆری رەفیق حەریریەوە، ئەمرۆژانە لەسەر دەمی تیغی ترس وتۆقین لەنوێبوونەوەی جەنگی ناوخۆ وئویدبەدەربازبوون لەم رابردووە خویناوییە ژیان ئەگوزەرینن. بێگومان بەشیكی زۆری هاوولاتیانی لوبنان خوازیاری كۆتایی هینان بەدەسەلاتی هیزەسەربازی وئەمنییەكانی سوریا ومیلیشای حیزبوللا و(امل)ن بەسەر ژیانی سیاسی وكۆمەلایەتییانەوە. شیعاری چوونەدەرەوەی تەواوی هیزەكانی سوریا بەر لەهەلبژاردنی مانگی ئایار فۆرمۆلیكی تەوەهومهینەرە بۆ ئەم خواستە. لەسەر سنگی شەپۆلی ئەم خواستە ئاراستەكراوەیە كەئیئتلاف ئۆپۆزیسیۆنی پیكهاتوو لەلایەنگرانی حەریری وجونبلات ئەتوانن ئەم ژمارەگەورەیە لەدانیشتووان بهیننە سەرجادە. لەلایەكی دیكەشەوە لەسەر زەمینەی نارەزایەتی بەشیكی دیكەی كۆمەلگاوە لەدژی سیاسەتی ئەمریكا وئیسرائیل لەبەرامبەر مەسەلەی فەلەستین وداگیركردنی عیراقدایە كەحیزبوللاش توانیویەتی ژمارەیەكی نزیك بەوان لەهاوولاتیان بەشوین خۆیدا كیشبكات. بەرپاكردنی خۆپیشاندانی گەورە وفراوان ودژبەیەكی ئەم دوو جەمسەرە لەمرۆژانەی رابردوودا بەشیوەیەك پیشبركێی نمایشی جەنگی دەسەلات وجەنگی ئیمیجی شكل پێدا كەبەتووندی كۆمەلگای نیگەران كردووە. دوای ئەمە چی؟ ئەم هیزنوواندنە تاكەی؟ كرۆكی بنبەستی ئیستای لوبنان لەنەبوونی وەلامی رۆشندایە بۆ ئەم پرسیارە.

هیزیكی سێهەم ئەتوانێ وەلام بەم پرسیارە بداتەوە كەتوانای ریكخستن وچەكدارکردنی جەماوەرییەكەی لەهەمان ئاستی ئەم دووجەمسەرەدا بێ. هیزیكی سیاسی سێهەمی لەم جۆرە لەمەیداندا نییە، هەرچەند یەكیتییەكریكارییەكان هەندێجار هیزی خۆیان نیشانداوە بەلام بەهۆی نەبوونی حیزبی سیاسیی دەرگیر ودەخیل لەمەیدانی كیشمەكیشی كۆمەلایەتی دەسەلاتدا، نەیانتوانیوە لەبازنەی گرووپی گوشاربوونی ئەحزابی دیكە دەربچن. كۆمەلگای لوبنان نیاز وپیوستی بەهیزیكە ئالاهەلگری جێبەجێبوونی خواستی خەلك بۆ رزگاربوون لەئەزمە وبنبەستی مەوجود وەبەرپاكردنی یەك رژیمی سیاسی سكۆلار بێ لەجیگای ئەودا.

## نیسبیەتی سیاسی

دەولەتی ئەمریكا بەهۆی دەستێوەردانی هەلپەرستانەیەوە لەسیاسەتی رۆژی لوبناندا، نیسبییەتیكی سیاسی ئاشكرای هیناوەتەپیشەوە. ئەمریكا خۆی ئامادەنییە هیچجۆرە كاتێ دیاریبكات بۆ چوونەدەرەوەی

لەعیراق وکۆتاییهینان بەداگیرکردنی ئەم وولاتە، بەڵام داوا لەسووریا دەکات کەبەرلە هەلبژاردنی مانگی ئایار هەموو هیزەکانی لەلوبنان بکیشیتەوە. بەجۆرێ کەتەنانەت گوێنادات بەریکەوتنەکانی نوینەری کوفی ئەنان ودەولەتی سووریا لەپەیوەند بەجەدوەلی کاتی کشانەوەوە. ئەمریکا خوازیاری دەسبەجێی چوونەدەرەوەی سووریایە لەلوبنان، بەڵام ئامادەنییە گوشاریك بخاتەسەر ئیسرائیل بۆ کۆتاییهینان بەداگیرکردنی سەرزەمینەکانی فەلەستین. سیاسەتی هەلپەرستانەی ئەمریکا لەبەرامبەر سووریا ولوبناندا بەرگریکردن نییە لەدیموکراسی، بەرگریکردنە لەنیسبییەتیکی سیاسی قیزەوون وئاراستەنەکراو کەئەتوانێ ببیتەهۆی نوێبوونەوەی جەنگی ناوخۆ لەلوبنان.

تاکاتێ کەئیسرائیل ملبادات لەسولح وبەرەسمی ناسینی دەولەتی فەلەستین وکۆتاییهینان بەداگیرکردنی سەرزەمینەکانی فەلەستین، سووریاو حیزبوڵڵاش زەمینەی پیویستیان لەدەستدادەبێ بۆ راکیشانی پشتیوانی جەماوەری. تاکاتێ کەحەللی عادلانە وشامل وکاملی مەسەلەی فەلەستین هەلبواسرێ وعیراق هەروا لەژیرچنگی داگیرکاری ئەمریکادا بمینیتەوە، بەم بەهانانەوە حیزبوڵڵا هەروا ئەتوانێ هیزبگرێ ودەسەڵاتی میلیشیایی خۆی بەسەر ژیانی خەلکی لوبنانەوە رابگرێ. هیچکاتێ حیزبوڵڵا بەخۆشی خۆی چەك دانانێ. وەلەم حالەشدا "شۆرشی مەخمەلی"ی وەهمی میدیاکانی رۆژئاوایی لەلوبنان بەرۆکیت وبۆمب وتەقینەوەئینتیحاریەکانی حیزبوڵڵا لەخوینهەلدەکیشرێ. کێبەرکێی ئەمریکا وئیسلامی سیاسی لەلوبنان، ئەم وولاتە ئەگەرینیتەوە بۆ هەلومەرجی سیناریۆ رەشەکەی سالەکانی جەنگی ناوخۆ.

لەمنیوەدا ئۆپۆزیسیۆنی راستی جمهوری ئیسلامی ئیران، تەیفی ناسیونالیزمی موحافەزەکاریش بەسەلتەنەتتەلەب وجمهوریخوازییەوە بەشوینکەوتنیان بۆ سیاسەتی ئەمریکا، بەهەمان شیوە دریژەدەدەن بەهەولی فریوکارانە وزیانباری خۆیان لەپیناوی بلاوکردنەوەی فەرهەنگی بێبناغەی نیسبییەتی سیاسی و،وەهمی "شۆرشی مەخمەلی" لەلوبناندا.

15ئازار2005